
26. $\frac{N.s}{C.m} =$ ............:
A) T  B) V  C) H  D) Wb

27. تەلێکی ڕێك درێژییەکەی 25 cm و تەزویەکی پێدادەڕوات توندییەکەی 5 A ئەگەر تەلەکە لە ناو بوارێکی موگناتیسیدا بەستوونی دابنرێت و توندی بوارەکەی 0.6 T بێت ، ئایا بڕی هێزە موگناتیسییەکە کاریگەریەکەی لەسەر تەلەکە چەندە؟
A) 0.075 N  B) 7.5 N  C) 0.75 N  D) 75 N

28. .......... تەزوە زۆر لاوازەکان دەپێورێت بە یەکەی mA یان μA
A) مۆتۆر  B) ترانسفۆرمەر  C) گلڤانۆمیتەر  D) دەنگ گەورەکەر

29. کام لەم هاوکێشانەی خوارەوە بەکاردەهێنرێت بۆ دیارکردنی بڕی توندی بواری موگناتسی لە سەرتەوەرەی کۆیلێکی لوولپێچ کاتی تەزویەکی نەگۆڕ پیادەڕوات؛
A) $B = \frac{\mu N I}{r}$  B) $B = \frac{\mu N I}{l}$  C) $B = \frac{\mu I}{2\pi d}$  D) $B = \frac{\mu N I}{2}$

30. لە وێنەی بەرامبەردا ڕێژەی گۆڕینی ترانسفۆرمەرکە چەندە ؟ وە جۆری ترانسفۆرمەرەکە چییە؟




A) $\left(\frac{1}{30}\right)$ ترانسفۆرمەری بەرزکەرەوەیە  B) $\left(\frac{30}{1}\right)$ ترانسفۆرمەری بەرزکەرەوەیە
C) $\left(\frac{1}{30}\right)$ ترانسفۆرمەری نزمکەرەوەیە  D) $\left(\frac{30}{1}\right)$ ترانسفۆرمەری نزمکەرەوەیە

31. وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایی ، کارەبا بۆ شارێك دەنێرێت ئەگەر چوستی گواستنەوە 0.95 بێت ، وە توانای بە فیڕۆچووی لە سەر تەلی گواستنەوە 50 KW ئایا توانای نێردراو چەندە ؟
A) 1 MW  B) 5 MW  C) 5 KW  D) 1 KW

32. یاسای لێنز کام لەمانە دیاری دەکات؟
A) بڕی تەزووی موگنەکار  B) بڕی ε موگنەکار  C) ئاڕاستەی تەزووی موگنەکار  D) هەموو وەڵامەکان ڕاستن

33. هێمای M لە هاوکێشەی $\left[\varepsilon_2 = -M\left(\frac{\Delta I}{\Delta t}\right)_1\right]$ دا ، پێی دەوترێت :
A) بارستایی  B) هاوکۆلکەی ئاڵوگۆڕە موگنەکاری  C) هاوکۆلکەی هێڵگۆڕەی موگناتیسی  D) نەگۆڕی کێش کردنی گشتی

34. کوێلی دینەمۆیێك لە 40 پێچ پێکهاتووە ، ڕووبەری برگەکەی $0.3\ m^2$ بوو، دەخولێتەوە لە ناو بوارێکی موگناتیسی ڕێك توندییەکەی 0.029 T تەوەرەی خولاندنەوەی کۆیلەکە لەسەر بوارێکی موگناتیسی ئەستونە ، ئەگەر گەورەترین بڕی پاڵهێزی کارەبایی بەرهەم هاتوو لەم دینەمۆیەدا 120 V بێت، ئایا لەرەلەر چەندە؟
A) 100 Hz  B) 55 Hz  C) 314 Hz  D) 628 Hz

35. دینەمۆیەك گەورەترین پاڵهێزە کارەباییەکەی 205 V وبەستراوە بە بەرگریەکی 115 Ω بییەوە.بڕی کاریگەری تەزوو لە بەرگرەکەدا چەندە؟
A) 1.78 A  B) 1.26 A  C) 0.707 A  D) 145 A

36. لە سووڕێکی تەزووی گۆڕاودا بەرگرییەك و موگنەبارگێك و بارگەگرێك دواییەك بەستراون، گۆشەی جیاوازی ڕەوگە لە نێوان تەزو و جیاوازی ئەرکی گشتی چەندە ئەگەر سوورەکە لەباری زرنگانەوەدابێت ؟
A) 90°  B) 45°  C) 0°  D) 180°

37. بارستایی 0.75 kg بە سپرینگێکی شاوولییەوە هەڵواسراوە تا دووری 0.3 m سپرینگەکەی درێژکرد.نەگۆڕی سپرینگەکەچەندە؟
A) 24.52 N/m  B) 2666 N/m  C) 1990 N/m  D) 2700 N/m

38. یەکێك لەمانەی خوارەوە بەشێك نییە لە پێکهێنەرەکانی دینەمۆی تەزووی نەگۆڕ DC:
A) موگناتیس  B) دوو فلچە  C) تەزوگۆڕ  D) دوو ئەڵقەی خلیسکاو

39. کۆیلێك هاوکۆلکەی خودموگنەکاریکەی L=50 mH و تەزویەکی پێدادەڕوات توندیەکەی 2 A کاتێك جیاوازی ئەرکی نەگۆڕی نێوان دوو جەمسەرەکەی 20 V بێت ، بەربەستە موگنەکاری کۆیلەکە ($X_L$) چەندە؟
A) 0  B) 10 Ω  C) 20 Ω  D) 40 Ω

40. ڕووناکیەك دەکەوێتە سەر دوو درز کە ماوەی 0.33 mm لە نێوانیاندایە.ئەگەر گۆشەی نێوان بڕژۆڵە تاریکەکەی یەکەم و بڕژۆڵەی ناوەندی ڕووناکی 0.055° ئایا درێژە شە پۆلی ڕووناکییەکە چەندە ؟
A) $7.5 \times 10^{-7}$ m  B) $3.52 \times 10^{-7}$ m  C) $6.3 \times 10^{-7}$ m  D) $5.66 \times 10^{-9}$ m

41. ئەگەر تاقیکردنەوەی دوو درزەکە لەژێر ئاودا ئە نجامبدرێت ئایا سامپڵی بەیەکداچوونەکەی ( ڕووناکی ) بە چ شێوەیەك کاری تێدەکرێت ؟ بۆچی؟
A) θ بچووك دەبێتەوە چونکە λ درێژترە لە ئاودا بەراورد لەگەڵ هەوادا  B) θ گەورە دەبێتەوە چونکە λ کورتترە لە ئاودا بەراورد لەگەڵ هەوادا
C) θ گەورە دەبێتەوە چونکە λ درێژترە لە ئاودا بەراورد لەگەڵ هەوادا  D) θ بچووك دەبێتەوە چونکە λ کورتترە لە ئاودا بەراورد لەگەڵ هەوادا

42. کام لەمانە درێژی شە پۆلی ڕووناکی لەیزەرەکە دیاری دەکات ؟
A) پێکهاتەی ناوەندە چالاك  B) ئاوێنەی ڕووناکی دەرەوەی تەواو  C) ئاوێنەی نیمچە ڕوون  D) ( B و C ) ڕاستن

43. ئەگەر دووری نێوان دوو درزی یەك لە دواییەك لە درزەکێکی لادانی 2μm بێت ،ئایا ژمارەی هێڵەکانی( درزەکان ) درزەکەکە لە 1 cm چەندە ؟
A) 5000 هێڵ/cm  B) 500 هێڵ/cm  C) 50000 هێڵ/cm  D) 500000 هێڵ/cm

44. ڕووناکییەك لەرەلەرەکەی $1 \times 10^{15}$ Hz دەکەوێتە سەر ڕوویەکی سۆدیۆم لە ئە نجامدا چەندەها ئەلیکترۆنی ڕووناکی دەردەکات کە گەورەترین جووڵەوزەیان یەکسانە بە 1.78 eV لەرەلەری مۆڵەقەی ئەم کانزایە چەندە؟ $(h = 6.63 \times 10^{-34}\ J.s)$
A) $4.5 \times 10^{14}$ Hz  B) $3.5 \times 10^{14}$ Hz  C) $5.7 \times 10^{14}$ Hz  D) $2.5 \times 10^{14}$ Hz


45. کام لەمانە سامپڵی ڕەزەرفورد بۆ گەردیلە پوخت دەکاتەوە:
A) گەردیلەکان پتەون وچونیەکن وناشکێن.
B) ئەلیکترۆنەکان نوقم بوون لەناو گۆیەکدا کە بارگەی پۆزەتیڤە.
C) ئەلیکترۆنەکان بە دەوری ناوکدا دەسوڕێنەوە بەشێوەیەك کە لە سوڕانەوەی هەسارەکان دەچێت بەدەوری خۆردا.
D) ئەلیکترۆنەکان تەنها لە ئاستە وزە لەیەکجیاکاندا هەن.

46. لەتاقیکردنەوەوەیەکی تاقیگەییدا وزەی فۆتۆنێك دەگاتە 5 eV لەرەلەری فۆتۆنەکە چەندە؟ $(h = 6.63 \times 10^{-34}\ J.s)$
A) $1.2 \times 10^{14}$ Hz  B) $1.5 \times 10^{14}$ Hz  C) $1.2 \times 10^{15}$ Hz  D) $2.5 \times 10^{14}$ Hz

47. پێکبەستی ( بارگەدەر-بنکە ) لە ترانزستەردا لادەدرێت:
A) بەرەو پێش  B) پێچەوانە  C) بەرەو پێش و پێچەوانە  D) هەموو وەڵامەکان ڕاستن

48. ). زیادبوونی درێژی شە پۆلی فۆتۆنی پەرش بوو بەهۆی ئەلیکترۆنێکەوە ، بە گوێرەی درێژی شە پۆلی فۆتۆنە لێدەرەکە ( پێی دەوترێت:
A) شکستی سەرو وەنەوشەیی  B) دیاردەی لادانی کۆمپتن  C) دیاردەی دۆپلەر  D) تیشکدانی تەنی ڕەش

49. پێکبەستی p-n بەیەکگەیشتنی نیمچەگەیەنەری جۆری p و نیمچەگەیەنەری جۆری n ناوچەی دیار نەمانی بارگە( داڕن ) پەیدادەبێت لە ئە نجامی گواستنەوەی بارگەبەران بەناو پێکبەستیp-n دا، کام لەمانەی خوارەوە بە دروست دادەنرێت ؟




50. کام لەمانەی خوارەوە دەتوانێت بجووڵێت و کارەبا بگەیەنێت؟
A) ئەلیکترونێکی چینی ناوەوە و نزیکترینیان لە ناووکی گەردیلەی مس.
B) ئەلیکترونێکی هاوهێزی گەردیلەی مس لە تەلێکدا.
C) ئەلیکترونێکی گورزەی گەیاندنی جرمانیۆمی نیمچەگەیەنەر.
D) هەردوو وەڵامی ( B و C ) ڕاستن.